# جلوبەرگی ئافرەتی موسڵمان

[ کردي – کوردی – kurdish ]


سەماحەتی شێخ عبد العزیز کوڕی عبدالله ئالی شێخ



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# لباس المرأة المسلمة

« باللغة الكردية »

سماحة الشيخ عبد العزيز آل الشيخ

ترجمة: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015- 1436

IslamHouse.com

# جلوبەرگی ئافرەتی موسڵمان

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شیخ عبد العزیزی کوڕی عبد اللە کوڕی موحەمەدی ئالی شێخ، موفتی گشتی شانشینی عەرەبستانی سعودیە کراوە :

**پرسیار :** زۆرێك لە ئافرەتان جۆرە جلوبەرگێك لەبەر دەکەن، وەك تەنورە، وبلوز، کە کەمێك تەسك وتروسکن، بەڵام شەفاف و تەنك وکورت نین، ئایا حوکمی لەبەر کردنی ئەم جلوبەرگانە چین ؟ وە ئایا ئامۆژگاریتان چیە سەبارەت بە جلوبەرگی ئافرەتان ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

پێویستە ئافرەتی موسڵمان لەخوای گەورە بترسێت لەجلوبەرگ پۆشینیدا، دەبێت جلوبەرگیان جلوبەرگێك بێت کە جەستە

ولاشەی داپۆشێت، بەشێوەیەك تەنك و تەسك وتروسك نەبێت، كە لاشەی بەدەربخات، واتا: دەبێت جلوبەرگیان پانوپۆڕ وفراوان بێت، وە ئافرەتان با لەخوا بترسن لەوەی لەبەری دەكەن لەجلوبەرگ، وە هۆشیار بن لەوەی جلوبەرگێك لەبەر نەكەن كە ببێتە هۆی بەلاڕیدا بردنی گەنجان، جا چی ئەگەر ڕۆشتنە دەرەوە بۆلای پیاوان، یان هەر لەو كۆڕ وكۆبونەوانەیش بوون كە تەنها ئافرەتان تێیدا بەشدار دەبن، نەوەك بەرچاوی پیسی كەسانی حەسوود و داخ لەدڵ ببن، دیارە خۆداپۆشین و حیشمەت زۆر خێردارترە بۆ دین و دونیای ئافرەتان، چونكە ئەوە هۆكارێكە بۆ ویقار و شكۆی لای خەڵكی، وە لەهەمان كاتیشدا كەسانی نەفس نزم و دەروون بەزیوو وخراپیش زاتی ئەوە ناكەن كە دەست درێژیان بۆ بكەن ...

خوای گەورەش زاناترە ...

سەرچاوە : گۆڤاری ( الدعوة ) ژمارە (٢٤٦١) ساڵی ١٤٣٥ كۆچی.